# وەزارەتی ناوخۆ ، شینی هەریسەکە دەکات نەك مافی پەنابەری !

ڕێبوار عارف
fediraq@welho.com

وەزارەتی ناخۆی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان لە سلیمانی لە بەرواری20حوزەیراندا ڕوونکردنەوەیەکی بلاوکردەوە سەبارەت بە دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران لەسویدەوە بۆ کوردستان. جێگەی خۆیەتی لەدەروازەی ئەم دوو پەرەگرافەوە کە کرۆکی بابەتەکەیە سەرنجی ڕوونکردنەوەکەی وەزارەتی ناوخۆ بدەین وپاشان هەڵوێستەیەك بکەین. کەبەم شێوەیە:(( جارێکی تر دووپاتی دەکەینەوە دژی بەزۆر ناردنەوەی پەنابەرەکانین، چونکە پێمان وایە ئەنجامدانی بەرنامەیەکی لەو شێوەیە، کاریگەری خراپی دەبێت لە ڕوی ئابووری و کۆمەلایەتی و سایکۆلۆژییەوە بۆ خێزانەکانیان و تەنانەت بۆ حکومەتیش هەر بۆیە داوا لە حکومەتی سوید دەکەین کە ڕەچاوی باردخی ئەم ڕۆی کوردستان و زەرەمەندبوونی ئەو خێزانانە بکات... داواکارین حکومەتی سوید هەروەك چۆن لە ڕابردوودا مامەڵەیەکی مرۆڤ دۆستانەی کردووە دەرهەق بەپەنابەران، لە داهاتووشدا هەر بەوشێوەیە هەڵسوکەوتی مرۆیانە بکات)).

ڕێگەبدەن با بۆ ئاشنابوونێکی زیاتر بە غەمخۆری یەکیەتی و وەزارەتەکەی هەنگاوێك بگەڕینە دواوەو گۆشەیەکی تری لەم جۆرە بەخەمەوەبوونەیان بۆ چارەنووسی پەنابەران بخەینە ڕوو، کەنزیك بە دوو ساڵ لەمەوبەر لە بەرواری 16و 17 /5 /200وەفدێکی مەکتەبی بەریتانیا یەکیتی بەسەرپەشتی خاتوو شاناز ئیراهیم ئەحمد سەردانی وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیایان کردو لەگەڵ کاربەدەستانی ڕفیوجی کانسل کۆدەبنەوە سەبارەت بەناردنەوەی پەنابەران، کە هاوکات هەواڵی ئەو دیدارە لە کوردستانی نوێدا بلاوکرایەوە، کەبەم شێوەیە: (( ناردنەوەی هەزاران لاوی کورد بۆ کوردستان لە کاتێکدایە نەشوینی ژیان و نەئیش و نەپارەیەکیان بۆ دابین کرابێت بۆ ژیان کارێکی هەڵەیە لەبری ئەوەی لەم ڕۆژانەدا دەستی یارمەتی بۆ کوردو حکومەتەکەی درێژ بکەن وبۆ ئەم لاوانە لێرەش خول لەبواری کۆمپیوتەرو گەشت وگوزارو ئیدارەو کاری پیشەیی بۆیان بکەن ئەوا دەیان نێرنەوەو دەبنەوە بارگرانیی هەم لەسەر خیزانەکانیان وهەم لەسەر کۆمەل و حکومەتی هەرێم..)). هەردوو ئەم ڕاگەیاندنە لە ڕواڵەتدا وادێنە پێش چاو کە یەکیەتی غەمی پەنابەرانی لە کۆڵناوەو دژ بە ناردنەوەیانە. بەلام پاش دیقەتێکی زیاترو ڕاوەستان لەسەر هێماو چراسەزەکانی نێو دێرو ووشەکان بەداخەوە دەبینین کە ئەم بەڕێزانە شینی هەریسەکە دەکەن، نەك داکۆکیکردن لە پەنابەران. بەر لەهەرشتێك ئەوە بڵێن کەشێوازی نووسین و ڕاگەیاندنی ڕوونکردنەوەیەکی وا بەناوی وەزارەتێکەوەو ڕووبە حکومەتێك، کە نە معلومە بەئیمزای کێ ئەم نامەیە نێراوەو نە معلومە کە ئاڕاستەی چ وەزارەت وئیدارو نیهادێك کراوە، پێناچێت هەنگاوێك بێت کە وەك پێویست بیری لێکرابێتەوە. دەنا ئەوانە سەرەتایترین شێوازو ئسولّی ئیداری وشارستانین وجێگەی فەرامۆشکردن نین. بۆیە ئەنجامدانی بەکردەوەی ئەم کارە لەبناغەوە جێگەی گۆمانە. هەقیقەت ئەوەیە کە ئەم ڕوونکردنەوەیە زیاتر مسەرفێکی ناوخۆی هەیەو ڕوو بەخەڵکی کوردستان وپەنابەرانێکە کەئەمڕۆ بۆ داکۆکیکردن لەمافەکانی خۆیان لەگەلێك لەشارو ولاتانی ئەورووپا هاتوونەتە مەیدان. دەنا دەکرا ئەگەر بەشی ئینگلیزی سایتی ئەم وەزارەتە بەڕێزە بەهەرمەبەستێك ئەکتیڤ نەکراوەتەوە، ئەوا وەك نووسخەی کوردیەکەی بیاناردایە بۆ سایتی هەر وەزارەت ودامودەزگاو بلاوکراوەیەك. بۆیە پێدەچێت کەئامانجی بلاوکردنەوەی ئەم ڕوونکردنەوەیە زیاد لە هەرشتێك بۆ هێوەرکردنەوەی ئەو پەنابەرانە بێت کە لە زۆرێك لەولاتانی ئەورووپادا بە دەنگی بەرز ئەو ڕاستیە دەخەنە ڕوو کە کوردستان ناوچەیەکی ئاسایش نیە !

بەلام جیاواز لەم گومانە بابێنەوە سەر جۆری ئەو داکۆکیکردنەی وەزارەتی ناوخۆ لەپەنابەران. لەم بارەوە هەڵوێستیان ئەوەندە ڕۆشنە جێگەی هیچ گومانێك لەنیەتی"خێرخوازانەیاندا" ناهێڵتەوە. بۆیە لێرەدا ئاوڕێك دەدەینەوە لەپەیام وئامانجەکانی وەزارەتی ناوخۆ لە پەیوەند بەدەرکردنی ئەم ڕوونکردنەوەیە. کە بەبڕوای من خۆی لەم سێ هەڵقەی سەرەکیدا دەبینیتەوە:

– گۆڕینەوەی پەنابەر بەکۆمەکی دارای. بەڕێکەوت نیە کە لە ڕوونکردنەوەکەی وەزارەتی ناوخۆ هاتووە: داوا لە حکومەتی سوید دەکەین کە ڕەچاوی باردخی ئەم ڕۆی کوردستان و زەرەمەندبوونی ئەو خێزانانە بکات...ئەمە نەپەرگرافێکی لاوەکیەو نە یەکەم جارە کەحزب وحکومەتی هەرێم سەرنجی ولاتانی ئەورووپا بۆ پشتگیریکردن لە دۆخی ئابوری کوردستان ڕادەکێشن لەژێر ناوی قەرەبووکردنەوەی زەرەوزیانی پەنابەراندا. وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد ناوەڕۆکی دەخالەتی نوێنەرانی یەکیەتی لە بەریتانیا بەر لەدوو ساڵ لەمەوبەر زۆر ڕۆشنتر ئەم مەبەستەی پێکاو بەئاشکرا لەڕووکردنەوەکەی خۆیاندا هاتووە: (...ناردنەوەی هەزاران لاوی کورد بۆ کوردستان لە کاتیکدایە نەشوێنی ژیان ونەئیش و نەپارەیەکیان بۆ دابین کرابێت بۆ ژیان کارێکی هەڵەیە لەبری ئەوەی لەم ڕۆژانەدا دەستی یارمەتی بۆ کوردوحکومەتەکەی درێژ بکەن...). هەردوو ئەم پەرەگرافە بەڕاشکاوی مەرام وئامانجەکانی یەکیەتی و حکومەتی هەرێم ئاشکرا دەکات، کە کێشەی ئەوان بەهیچ جۆرێك بەدەستهینانی ماف پەنابەری نیە بۆ ئەو دەیان هەزار ئینسانەی کە لەسایەی دەسەلاتی ئەم حزب وپەرلەمانەدا ناچاربوون بە ڕووکردنە هەندەران بوون، سەرباری هەستکردن بە هەموو کێشەو تراژیدیاو ناڕۆشنیەکی ئایندەی ژیانیشیان. وەزارەتی ناوخۆ بەئاشکرا داواکاری خۆی دەخاتە بەردەست ئەم حکومەتانە کە لەبەرامبەر بەگەڕانەوەی پەنابەراندا، بارۆدۆخی ئابوری کوردستان وقەرەبوویی زەرەوزیانەکانی"خەلك" لەبەرچاوبگرن. بەلام لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا پەنابەران ئامادەن لەبەرامبەر بە قەرەبووکردنەوەیی زەرەوزیانەکانیاندا دیپۆرتکرێنەوە بۆ کوردستان؟ ئایا پەنابەران هیچ لایەن ونیهاد وحزب ودەسەلاتێکیان ڕاسپاردوە بۆ بەدواچوون وپەیگیریکردن بەمەبەستی قەرەبوو کردنەوەیی زەرەوزیانەکانیان، وا بەوجۆرە حزب وحکومەتی هەرێم سنگ بۆ لەبەرچاوگرتنی باری ئابوری خێزانەکانییان دەکوتێت. یاوەك دەلێن "حکومەت باوکی میللەتە" کەوایە بۆ ئەمەشیان جیٚ خۆیەتی کەبلێن ئەی کیٚ بەرپرسی گیان لەدەستدانی ئەو سەدان و هەزاران پەنابەرەیە کەلەماوەی16 ساڵی ڕابردودا بەهۆی ڕووکردنە هەندەرانەوە لەناوچە سنووریەکان ولەدەریاو کەشتی وشاحینە و ڕێگەوبانەکانی هەندەراندا بوونە قوربانی، کیٚ زەرەوزیانەکانی ئەوان قەرەبوو دەکاتەوە؟ کیٚ زەرەوزیانی قوربانی کۆڕەوەکە قەرەبوو دەکاتەوە؟ بەوپێیەی کەحکومەت باوکی میللەتە ڕەنگە وەلامی ئەم پرسیارانە دژوار نەبێت، بەلام بەناشکوری نەبێت حکومەتەکەی "ئێمە" ئەوەندە ساواوبێدەرامەتە کاتێك پەنابەریك لەهەندەران گیان لەدەست دەدات هەموو خۆزگەو ئاواتی ئازیزانی لەوەدا خۆلاسە دەبێتەوە کەتەرمی خۆشەویستەکەیان بگەڕێنەوە کوردستان. لەمەیاندا حکومەت حاشا لە ڕۆڵی باوکایەتی خۆی دەکات ودەبێت چاوەڕانی هیمەتی ئینسان دۆستانەی پەنابەران بین بۆ لەئەستۆگرتنی تێچووی گەڕانەوەی تەرمی ئازیزێکمان.

= پەنابەری سیاسی یا کۆچکردو؟ پێشتر ئاماژەمان بەوەکرد کە ناوەڕۆکی هەڵوێستی وەزارەتی ناوخۆ بەهرەبەرداری کردنە لەمەسەلەی پەنابەری وبەکارهێنانیەتی وەك کارتێك بۆ بەدەستهینانی سەرمایەو...بەلام دیوێکی تری ئەم هەڵوێستە کە خولاسە کردنەوەی هەموو کێشەی پەنابەران لە قەرەبووکردنەوەی زەرەوزیانەکانیاندا پاکانە کردنێکی تەواوە بۆ ئەوەی کەوا نشان بدەن ئەو خەڵکەی کە لە کوردستانەوە ناچار بە ڕووکردنە هەندەران دەبێت تەنیا بەهۆی کێشەی ئابوری ونەبوونی کاروشوێنی ژیانەوە مل بەو چارەنووسە نادیارە دەدەن. کە ئەمە لەگەل ئەوەشدا کە یەکێك لە فاکتەرەکانی ئاوارەبوونی ئەو خەڵکەیە، بەلام بۆ ئەمان پێکانی دوو نیشانەیە بە تیرێك. لەلایەکەوە زەمینەسازی بکرێت بۆ سەرمایە گوزاری وپشتگیریکردنی دارای، لەلایەکی تریشەوە شانی خۆیان لەبەرامبەر بەهەموو ئەو کارەسات وڕووداوە سیاسی وجەماوەریانەی کوردستان خاڵی بکەنەوە کە لەماوەی چەند سالی ڕابردوودا ڕوویداوە. ئەمە جیاواز لەوەی کە مەترسیەکی زۆر گەورەتر لەپشت دەربڕینی ئەم تەرمەنۆلۆژیانەوەیە ئەیش ئەوەیە لەسایەی شاردنەوەی هۆکارە سەرەکیەکانی ئاوارەبوونی خەڵکی کوردستانداو خۆلاسەکردنەوەی هەموو هۆکارەکان بەهوی کێشەی ئابوری ونەبوونی کاروپیشەو شوینی ژیانەوە، هەوڵێکی ووشیارانە دەدەن بۆ شاردنەوەی هۆکارەکانی ئاوارەبوونی ئەو خەڵکەو مامەڵە لەگەل کردنیانە وەك ((کۆچکرد)) نەك پەنابەر. چونکە بەپێی یاساو پرۆتۆکۆلەکانی

جنیفی 1951 بەندی 3 – پەنابەر بەکەسێك دەووترێت کە بەدەلیلی (نژادی، مەزهەبی، میللەیەت، ئەندام بوون لە گروپێکدا، بوونی بیروباوەریکی تایبەت). لەم حالە بەدەر بەپێی مادەی 62 ی هەمان پرۆتۆکۆل کەتیداهاتووە =... ئەگەر کەسێك تەنیا بە دەلیلی ئابوری جێگەی گۆڕیبێت ئەو وەك یەك کۆچکردو لەقەلەم دەدرێت نەك وەك یەك پەنابەر ). وەزارەتی ناوخۆو دەسەلات بەگشتی نەك هەر دەیانەوێت کە ئاوارەبوونی هەموو ئەو خەڵکە بەهۆکاری ئابوری لەقەلەم بدەن بەڵکو لەسایەی ئەم تەقلایەشدا دەیانەوێت بڵێن کەستەم و چەوسانەوەیەك لەم کۆمەڵگایەدا بوونی نیە تاخەڵکی بەهۆیانەوە ئاوارەبن وماف پەنابەری بەدەست بهێنن. کەواتە لێرەدا ووشەی ستەم وجۆری ئەو ستەمە چارەنووسازە بۆ بەهرەمەندبوونی ئەو کەسە لە ماف پەنابەری چۆنکە وەك مادەی 51ی هەمان پرۆتۆکۆل ئاماژەی پێدەکات (هیچ تیگەشتنێکی پەسەندکراوی نیونەتەوەی لەسەر ووشەی ((ستەم)) نیە. ئەوەی کە لە بەندی 3 پرۆتۆکۆلی 1951 دەتوانرێت نەتیجەی لێبگیرێت ئەوەیە کە جۆرە تەهدێکی گیان وئازادی ئەو کەسە بکات لەسەر ئەساسی (نژادی، مەزهەبی، میللەیەت، ئەندام بوون لە گروپێکدا، بوونی بیروباوەریکی تایبەت). کارکردن بۆ جێگرتنەوەی ماف کۆچبەری لە باتی ماف پەنابەری تەقەلایەکی ئاشنای حزبە ڕاست و بۆرژوایەکانی ولاتانی ئەوروپایە بەتایبەت دوابەدوای ڕوخانی بلۆکی شەرق. کە دیارە ئەم هەوڵەی وەزارەتی ناوخۆو حکومەتی هەرێمیش جێگەی پێشوازی لێکردنی ئەم ولاتانەیە.بەلام ئایا بەڕاستی هۆکارە سەرەکیەکانی ئاوارەبوونی ئەو خەڵکە بێ ماف وستەم چەوسانەوە نیە؟. هەقیقەت ئەوەیە جیاواز لەهەر شەڕو کوشتارێکی ناوخۆ جیاواز لە بەردەوام بوونی تیرۆرو ڕەشە کوژی ژنان و...بەتایبەت لەم سالانەی دوایدا وەك دەبینین بەشێکی بەرچاو لەکارو کردەوەی دامودەزگاکانی دەسەلات وبەتایبەت وەزارەتی ناوخۆ بۆ کۆنترۆڵ کردنی مانگرتن وخۆپیشاندانەکان وئامادەکردنی هێزەکانیان و دروستکردنی هێزی نوێی "مەدەنی" بۆ راوەستانەوە دژ بەخۆپیشاندان ودروستکردنی زیندانی نوێ وهەڕەشەو سزادانی خەڵك و تەنانەت تەقەکردن وکوشتاری خۆپیشاندەران بووە. دان پیانانەکەی ئەم ڕۆژانەی عوسمان کانیمارانی سەرۆکی فراکسیونی سەوز بەڵگەنەویستی ئەم ڕاستیانەیە کە دەڵێ: (( ئەگەر یەکیەتی و پارتی هێزی چەکداریان نەبووایە، دەمێك بوو هێرشیان کرابووە سەر، ئێمە چەکمان لەدەستە بۆیە خەڵك ناتوانن ئەگینا لەو حوکمرانیە ڕازی نین...)). سەیرەکە لەوەدایە کەهێشتا خەڵکی کوردستان بەئاشکرا باسیان نەهاتووەتە سەر ئاستانەی ڕووخاندنی ئەم دەسەلاتە بەلام بەپێی ئاماری ڕسمی تەنیا لەخۆپیشاندانەکانی ساڵی 2006دا زیاتر لە350 کەس و هەڵسوڕاوی جەماوەری زیندان کراون کە نزیك بە 50 کەسیان پەیامنێرو ڕۆژنامەوان بوون. دیارە هۆکاری سەرەکی هاتنە مەیانی خەڵکی کوردستان نەبوونی ماف وئازادیەفەردی ومەدەنیەکان و پێشلکردنی ئازادی هەڵسوڕانی سیاسی وئازادی بیروڕا وڕێکخراو بوونیانە. نەبوونی سووتەمەنی وئاووکارەبا وگرانی وکەمی معاش وخزمەتگوزارەیەکانیانە... هۆکارە سەرەکیەکانی ئاوارە بوونی سەدان هەزار ئینسانە لەم کۆمەڵگایەدا نەك هەر بەتەنیا نالەباری باری ئابوری ژیانی خەڵك، کە ئەمەش لەپال هەر ڕادەیەك لە ڕاستیدا پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا کێ بەرپرسیارە لەو دۆخە، ئایا بۆ کۆمەڵگای کوردستان بۆ کەمینەیەك بەهشتی سەر ڕووی زەمینەو بۆ زۆربەشیان جەهەنمێکە کە بەنرخی ئەگەری گیان لەدەستدانیشبێ خەڵکانێکی زۆر هەر ئێستە لەبیری خۆ دەربازکردندان. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دیسانەوە نەبوونی ئاسایش و استقرار لە کوردستاندا بووتە فاکتەرێکی بەرچاو لە ناچارکردنی خەڵك بە ڕووکردنە هەندەران. پەلکێشانی ڕێکخراوە ئیسلامی وئیرهابیەکان وکەمین دانان وکۆنترۆڵکردنی هەندێك لەڕێگەو بانەکان وڕفاندن وبێ سەروشوێن کردنی خەڵك وپەرپێدان بەتەقینەوە کاریوئیرهابی هەڕەشەی بەردەوامی ولاتانی ناوچەکەو تۆپ بارانکردن و لەشکرکێشی تورکیاو ئیران بۆ سەر ناوچەسنووریەکانی کوردستان تا دەگاتە قەسابی کردنی هەر ڕۆژەی ژنان وکارەسات ومەرگەساتەکانی ژیانی گەنجان وپەراوێزخستنیان...گۆشەیەك لە نا ئەمن بوونی کۆمەڵگای کوردستان نیشان دەدات. کە تەنیا بەڕەسمیەت ناسینی ئەم هەقیقەتە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بە گشتی دەبووە خاڵی وەرچەرخان و کلیلی کردنەوەی زۆرێك لەگرێکوێرەکان وکۆتای هێنانە بەو بەهانەیە

که ئەم ولاتانە سەبارت بەبوونی ئاسایش لەکوردستاندا. چونکە دیپۆتکردنەوەی پەنابەران لە ڕووی یاسایەوە بۆ ولاتانێك کە لیوەی هاتووە قەدەغەیە !

– دەنگی نارەزایەتی پەنابەران نیگەرانیەکانی دەسەلات.

تەنینەوەی شەقام وبەردەم پەرلەمان وشوێنە گشتیەکانی ولاتانی ئەوروپا بەدەنگی بەرزی شیعاری، کوردستانی عیراق ناوچەیەکی ئاسایش نیە لەلایەن سەدان پەنابەرەوە پێدەچێت جێگەی نیگەرانیبێ بۆ سەرمایەگوزاریوئامانجەکانی دەسەلاتدارانی کوردستان. بۆیە نەك هەر ئامادەنین کەدان بەو ڕاستیانەدا بنێن بەڵکو بە پێچەوانەوە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردودا تەواوی هەوڵ وتەقەلای خۆیان لە دیدارو پەیوەندیە دبلۆماسیەکانیاندا بۆ ئەوە تەرخانکردوە کەچۆن ئەم ولاتانە دڵنیا بکەنەوە لەوەی کە کوردستان ناوچەیەکی ئاسایشەوە دەروازە کراوەیە لەبەردەم سەرمایەگوزاری وهاوکاری کردنتاندا. کە بانگێژەکردنی بوونی ئاسایش لە کوردستاندا هەر ادعایەکی لەچەشنی ناڕازی بوون بەدیپۆرتکردنەوەی پەنابەران بەدرۆدەخاتەوە. چونکە بنەمای یاسای دیپۆرت کردنەوەی پەنابەران لەسەر ئەساسی بوونی ئاسایش لە کوردستاندا دارێژراوە. دەبێت ئەوەش بڵێن کە تەنانەت بوونی ئاسایش لەهەر ولاتکێدا خۆبەخۆ ناتوانێت بێتە هۆی دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران، تەنیا لەکاتێکدا نەبێت کەدەسەلاتدارانی ئەو ولاتە ئامادەی خۆی دەربڕێت بۆ پێشوازیکردن لە گەڕانەوەی پەنابەران.

ماوەتەوە بڵێن هیچ لایەنێك ناتوانی پاکانەکانی حکومەتی هەرێم بەجیدی وەرگرێت تا هەڵوێستێکی جیاوازتر لەوەی تائێستەیان نەبێت، سەبارەت بەنەبوونی ئاسایش لەکوردستان وتەرف نەبوون لەگەل هیچ ولاتیکدا بۆ پەسەندکردنی هیچ ڕێکەوتن و پرۆتۆکۆڵێکی هاوبەش لەپەیوەند بەگەڕانەوەی پەنابەران بۆ کوردستان. ڕێگەیەکی تری ڕیشەیتر لەم حاڵەبەدەر کەجێگەی پیشوازی کردنی هەموو لایەك بێت وە بەکردەوە بتوانێت کۆتای بەدیاریدەی ئاوەربوون بهێنێت لە کوردستان، بەڕسمیەت ناسی ماف وئازادیە فەردی ومەدەنیەکانی خەڵك وئازای بەیان وئازادی هەڵسوڕانی سیاسی و ڕێکخرابوون وکۆتایهێنان بە گەندەڵی و بەرقەرارکردنی عەدالەتی کۆمەلایەتیە. مسۆگەرکردنی ئەم ڕێگەیە وەك چۆن ژیان وگوزەرانی خەلکی کوردستان دەپارێزێ و بنەماکانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی دەستەبەردەکات، بەهەمان ڕادەش دەسەلاتیش لە دڵەوڕاکەی ڕاپەرین وخۆیان واتەنی لە ڕووخان دەپارێزێت. لەمە حاڵەتە بەدەر ئەوەی کە ئێوە خۆتان لێی دەترسن ودانیپیادەنێن دەبێتە هەقیقەت وئەوجا فایلەکانی ئێوەش دەخرێتە بەردەم دادگایەکی عادلانە ، بەبێ ئەوەی کەسانێك هەبن چەپڵەتان بۆ لێبدەن و خوازیاری بەخشینتانبن ! 24 / 6/ 2007